# ئاوێتە بوون


ماردین ڕەشید
11/05/2005
Mardin82@hotmail.com


وەرە ئازیز
با خەمەکانمان لەگەڵ یەک تیکەڵ بکەین
ئەزانیت چ تابلۆیەکی جوانی لێ دەردەچێت
ئاوێتە بوون!!!
فرمێسکەکانی من و پەنجەکانی تۆ
خەونە ناخۆشەکانی تۆو باوەشی من
با تورەیی یەکانمان بەین لە یەک
با تێر شەڕ بە یەک بفرۆشین
با بروسکەی تۆو ڕەشەبای من لێک بئالێن
با پاش ماندووبوونیشمان بارانێک داکەین
بارانێک و زریانێک و تۆفانێک
بارانێک لە ماچ
تۆفانێک لە ئاوێتە بوون

وەرە با ترسەکانی منداڵیمان و گەورەییمان
بۆ یەک باس کەین
بێزارییەکانمان لە ئینجانەیەک ئاواتا بنێژین و
بە پێ خاوسی شەرمەکانمان لە کەنار دەریایەک
نوقمی لم کەین
با سەماکەین ................
باسەماکەین سەمایەکی منداڵانە ......دەرویشانە
هەر وەک ئەوەی ئەمە دواهەمین سەمامان بێت
با هاوارکەین پڕ بە ئازارەکانمان
کێ ئەزانێت سبەینێ چی لە خۆیدا شاردۆتەوە؟!!
با پێش هاوین بیرمان نەچێت بۆنکردنی گیای سەوز
لە پێش پایز تامکردنی میوەی هاوین
بەر لە زستان پیاسەیەکی نێو دارستانێکی ڕووت و
پێش بەهاریش لەبیرنەکەین خواردن بۆ باڵندەکان ڕۆکەین



با ئەمشەو من بگریم لە باوەشتاو
سبەی شەو تۆ
دڵم تەنگە........دڵم تەنگە
حەزم ئەکرد باڵمان بوایە تاوەکو بفڕین
بەرز بەرز.........لە دوور دوورتر
چەن سەیرن خەونەکانی من!
حەزم ئەکرد مەرگ لەبیرمان کات
حەزم ئەکرد بمتوانیایە لە پەپوولەیەک بپرسم
نهێنی جوانیەکەی چی یە؟
حەزم ئەکرد بمزانیایە لە کوێوە فێری ڕق بووین
خۆ ئێمە بێ ئەو لە دایک بووین
بۆ فێر نەبووین سوجدە بەرین بۆ کۆترەکان !!
بۆ هەموو جار بیرمان ئەچێت
ماچی گزنگی هەتاو کەین و
کە هەوریش دێت وەکو درەخت
خۆمان نادەینە بەر باران!!

وەرە ئازیز
گوێ ڕابگرین لەم  ئاوازە خەمناکانە
هاورێیەکی شیرینی تۆ
خەمەکانیشت شیرینتر
وەرە و با ئازارەکانمان لە یەکتردا
بە نۆرە بنێژین